www.kurdistannet.org
16/07/2003 16:57

بە ناوی کورد ستانی گەورە !

شێری بێ یاڵ و کلك !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

دەڵێن رۆژگاری زو، کابرایەک خۆی بە پاڵەوان دەزانی و لە زۆر زورانبازی و شتی وادا، بەشداری دەکرد. کابرا وتی ”وا باشە لەسەر قۆڵم وێنەی شێرێک بە چەشنی خاڵ بکوتم، تا زۆرتر لە پاڵەوان بچم جا، پاڵەوان هەستا چوە لای کەسێک، کە خاڵی دەکوتی وتی “وێنەی شێرێکی زور بەسام لەسەر قۆڵم بکوتە “.

دەڵێن ئەو کاتە خاڵیان بە دەرزی کوتیوە. خاڵکوتەکە دەستی کردوە بە دەرزی ئاژنکردنی قۆڵی پاڵەوان و کوتینی خاڵ. پاڵەوان هاواری لێ بەرزبوەبو و وتویەتی “ئەوە چی دەکەی؟ قۆڵم زۆر دێشێ! ”خاڵکوت دەڵێ ئەوە خەریکم یاڵی شێرەکە بە دەرزی لەسەر قۆڵت دەکوتم.“کابرای پاڵەوان دەڵێ “ماڵت نەشێوێ یەکجار زۆر دێشێ، کارێکی پڕ مەترسیە، دەکرێ یاڵی بۆ نەکێشی؟ “. کابرای خاڵکوت دەڵێ “باشە یاڵی بۆناکێشم “. خاڵکوت دووبارە دەستی کردەوە بە کار و هەمیسان کابرای پاڵەوان هاواری لێ هەستا و وتی “ئەوە چی دەکەی، هێندە دێشێ خەریکم بمرم؟“ خاڵکوت لە وەڵامدا وتی “خەریکم کلکی شێرەکە دەکێشم “. پاڵەوان وتی “ ئەگەر دەکرێ کلکیشی بۆ مەکێشە، مەگەر شێر کلکی نەبێ نابێ؟“. خاڵکوت وتی" بەسەرچاو، ئەویشی بۆناکێشم، بەڵام شێری بێ یاڵ و بێ کلک لە کەر زیاتر دەچێ، تا لە شێر - تۆ بەم کارە، پلەی پاڵەوانی خۆت دێنیتە خوارە، هەر وێنەی شێر لەسەر قۆڵت نەکێشی باشترە و ماقووڵتری".

ئەمە وەک بارودۆخی سانسۆری هۆنراوە، نووسراوە و کارگەلی دیکەی هونەری وایە، کە جاری وا هەیە هێندە کابرا گیانی دێشێ و خاڵکوت یاڵ، کلک، پا و دەستی هۆنراوە، نووسراوە وکارە هونەریە هەژارە کە دەقرتێتێ، کە نووسراوەی چلاپکراو، لە هەمو شتێک دەچێ، غەیری ئەو نووسراوەیەی کە خۆی نووسیبوی - بە تایبەت ئەگەر راستەقینەی دەقی کارەکە، بە قەت نووکی دەرزی خاڵکوتەکە، زەرەری بۆ رەشە ولاغ و پەز ببێ - هەر بۆیە، ئەم هۆنەر، نووسەر و هونەرمەندانەی، کە بە کەڕامەتی قەڵەم سوێندیان خواردوە شەرافەتی هونەر بپارێزن، زۆر لە مێژە شتەکانیا لە پێشگای مێژودا، لە سەر لاپەڕەی دڵی پاکی خەڵک، بەمەرەکەفی راستی دەنووسن، تا خەڵکیش لەبەریانکەن و بەبێ سانسۆر و شێواندنی قرتێنەری بەچکە مشک، بەو چەشنە ی کە خولقێنەرەکەی ویستویەتی، بیگەیێنن بە بەرەی ئێستا و داهاتو – هەر ئەوندە!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org